دەروازە سنووریيەکان پوچەڵکردنەوەی هەوڵێکی بە بەقاچاخبردنی دەرمانی ڕاگەیاند

ئەمە شەممە دەستەی دەروازە سنووریيەکان دەستگیرکردن و پووچەڵکردنەوەی هەوڵێك بە بەقاچاخبردنی جۆرەها دەرمانی مرۆیی لە بەندەری ئوم قەسری باکووری ڕاگەیاند. دەستەکە لە ڕاگەیەندراوەکدا ڕایگەیاند : بەوەبەرایەتی بەندەری باکوری ئوم قەسر، بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ بەوەبەرایەتی بەندەری باشووری ئوم قەسر، توانیویەتی دەست بەسەر کۆنتێنەرێکی 40 پێ دابگرن لە دەرەوەی گومرگ بە بەدواداچوون کۆنتێنەری (دەرمانی جۆراوجۆری مرۆیی)ی تەدایە کە ڕانەگەیەندراوە و لەپشت کۆرستەی ڕاگەیەندراوەوە شاراوەتەوە، بەهۆی نەبوونی ڕێزامەندی فەرمی وەزارەتی تەندروستییەوە. ئاماژەی بەوەشکرد: ڕاپۆرتی دەستگیرکردنی دروست ئامادەکراوە و ڕەوانەی بنکەی پۆلیسی گومرگی ئوم قەسر کراوە بە گرتنەبەری ڕەوشەنی یاسایی گونجاو بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی بەشدارن لە ئەپراسیۆنی قاچاخچێتی.